## داسةثاندني دةستوري ئيسلامي مندالان لة ترازيديادا نوقم دةكات ..!!

پاش ماوەیەك لە گفتو گۆو هێنان و بردن ، ئەو ڕەشنووسەی کە خرایە بەردەستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ، خەریکە بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دەسەپێنریت. ئەو ڕەشنووسی دەستوری عێراقە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەستوری پێشوی حیزبی بەعس دا نییە. ئەگەر هەرچی زیاتر بە قولأیی کۆنەپەرستیدا نەبرابێت ، ئەوا لە مافە ئیسنانی و مەدەنییەکانی خەڵکەوە نزیك نەکراوەتەوە. هەر لەسەرەتاوە بەیەك دێڕ هەموو ئازادییەکان لەخەڵك دەستێنێتەوە و بە یەك ووشە لە قالْبی دەدات" الاسلام دين الدولة الرسمي. ومصدر ..." ئیتر هەموو ئەو خالأنەی تر کە بەدوای ئەمەوە ڕیز کراون مایە پوچن و بۆ کوێر کردنی چاوی خەڵك و شاردنەوەی ئەو ناوەرۆکە دژی ئینسانی و کۆنەپەرستانەیە هۆنراونەتەوە.  لە هەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستانیش  لە ڕۆژی 24 ئابدا لەسەر ڕەشنوسی ئەم دەستورە کۆبوونەوەی خۆیان بەست بۆ تاوتوێ کردنی ڕەشنوسی دەستورەکەو بە پیچەوانەی هەموو ڕاگەیاندنو هەرەشەکانی ئەم ماوەیەیانەوە ، زۆر بە خیرایی پەسەندیان کرد.

گومان لەوەدا نیە کە لە سایەی دەستورێکدا کە لەسەر بنەمایی ئەحکامی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئیسلامی دامەزرا بێت ، هیچ جێگەو ڕێگەیەك بۆ مافە ئازادیەکانی خەلكو بە تایبەتیش منالأن ناهێڵێتەوە. دینی ئیسلام ئینسان بە عبد پێناسە دەکاتو لەسەر ئەم بناغەیەش مافەکانی لە قالْب دەدات. مندالان کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ملکەچو کۆیلەی گەورەکانن، دوجار کۆتی عەبدایەتیان لە مل دەکریت. 1500 ساڵە منالأن نەوە لە دوای نەوە ئەمەیان تەجرەبە کردووە ، بینیمان کە ئەم ئاینە چی پێیە بۆ منالأن ؟! ئەم یاسایەی کە لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام داریژراوە لیدان لە منالأن نەك هەر قەدەغە ناکات بەڵکو بە شیوازێکی پێویستی پەروەردەو مەرجێکی بارهێنان دادەنێت ، ئەم یاسایە دەرسە تۆقێنەرەکانی حوجرە تاریکەکان  و مزگەوتەکان یاساغ ناکات و بەسەر مندالاندا دەیسەپێنێ، سزادانی مندالْ شەرعی دەکاتەوە، ئیتاعەی گەورەکان بەسەر مندالاندا فەرز دەکات، جۆرەها توندو تیژی لە دژی منالانو حیجابی زۆرەملێی منالأنی کچ وەك هەمیشە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئاینی ئیسلام و برەوی پێدەدات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە ئاشکرایە ئیتر ئەوانەی کە ئەم دەستورەیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ڕوویان بێت نیشانی خەڵکی مەدەنییەتی ئەم سەردەمەی بدەن، ڕوتووشی ئەکەن بە هەندێك ووشەی بریقەدارو بێ ناوەرۆك لە جۆری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پاریزگاریو چاودیریو...چی و چی. بەلأم ئەمانە ئەو قسە بێ ناورۆكو پوچانەن کە دەستوری سەردەمی بەعسیشیان پێ ڕتووش کرابوو. هەر ئەو دەستورەی کە منالانی پێ ئەنفالو کیمیابارنو کۆمەڵ کوژ کرا پڕ بوو لەم فڕوفیشاڵە. هەر ئەوەندەی کە دینی ئیسلام بنەمای یاساو دەستور بێت، بەسە بۆ ئەوەی هیچ مافو ئازادیەکی ئینسانو بە تایبەت منالان مانای بۆ نەمێنێتەوە. کەواتە ئیتر یاسا دووبارە یاسای  ئەنفالی منالأنە ، یاسای لێدان و سوکایەتی کردنە بە منالأن ، و یاسای زیندانی و کارپێکردنی منالأنە ، کەواتە ئەم یاسایە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە بەعس زیاتر لە 35 ساڵ  بەوپێیە حوکمی ڕەشی خۆی بەسەرماندا فەرز کرد. لەم نێوەشدا لای هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق ئاشکرایە کە یاسای بەعسیش هەروەکو ئەم یاسایە پشتی بە ئیبسلام بەستبوو!!

**خەڵکی ئازادی خواز... ڕیکخراوەکانی بەرگری کەر لە مافەکانی منالأن ..**

ئەرکی هەموو ئێوەی ئازادیخوازە کە  بێنە مەیدان بۆ ناکام کردنەوەی ئەم پیلانە لە دژی ئازادی ئینسانو بە تایبەتیش لە دژی مافەکانی مندالان داریژراوە. وەرن بۆ بەرگری لە مافەکانی منالأن دەنگتان بەرز بکەنەوە. منالأن بەهۆی کەمی تەمەن و نەبوونی تەجرەبەیان لە ژیاندا ناتوانن بەرگری لە خۆیان و مافەکانیان بکەن ، ئەوە کاری ئێمە گەورەکان و ڕێکخراوەکانی منالأنە کە دەبێت لەسەریان وەدەنگ بێین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین، دەبێت لە پێناوی بەرپاکردنی هەلومەرجێك کە گەورەکانو مندالان پێکەوە تیایدا بەختەوەربن ، هەوڵ و خەباتمان بەیەکەوە گرێ بدەین و توندو تۆڵی بکەینەوە ، هەتا یاسایەکی علمانی و پێشکەوتنخواز لە عێراقدا جێگیر نەبێت مافەکانی منالأن بەدی نایەت ، منالأن هیچ ئاینێکیان نییە ، منالأن هیچ کولتورێکیان نییە ، نابێ ڕێگە بدرێت بە ئارەزووی گەورەکان ، ئاین و کلوتور بۆ منالأن دابتاشرێت لە چوار چێوەی یاسایەکی کۆنەپەرستانەی ئاینی و دژ بە منالأندا.

**نةخيَر بؤ داسةثاندني دةستوري ئيسلامي و دذي مافةكاني منالآن**

**شيَرزاد فاتح**

**سةنتةري بةرطري لة مافةكاني منالآن**

www.santarimnalan.com